ئەگەرەکانی تر..

مەریوان وریا قانع دەینوسێت

لە وشیاریی نەتەوەییەوە بۆ وشیاریی کۆمەڵایەتی

ڕەنگە لە فیکری سیاسی هاوچەرخدا کەم نووسەر هەبێت بە ئەندازەی فرانز فانون باسی لە گرنگی "وشیاریی نەتەوەیی" کردبێتو ئەم وشیارییەی بە یەکێك لە ئامرازە سەرەکییەکانی بەرپاکردنی گۆڕانکاری سیاسی دانابێت.

بە باوەڕی فانون وشیاریی نەتەوەیی وشیاریی رزگاربوونە لەداگیرکردن، وشیاریی بەگژاچوونەوەی کۆلۆنیالیزمو وشیاریی بنیادنانی شوناسی نەتەوەییە. فانون لە کتێبی "ئازار چێژانی زەویدا" کە لەساڵی ١٩٦١دا نوسیویەتی، بەدرێژایی باس لە چۆنیەتی سەرهەڵدانو گەورەبوونو قوۆڵبوونەوەی وشیاریی نەتەوەیی دەکات، باسی ئەو ساتەوەختە دەکات کە تێیدا داگیرکراو شوناسی کەسێکی ژێر دەستەو پاسیڤ فرێتەدات‌و هەڵدەستێتە سەر پێ بۆ داواکردنی مافەکانی.

بەڵام فانون لە کتێبی "ئازار چێژانی زەویدا" داوای کۆمەڵێك شت دەکات گەورەترن لە شوناسی نەتەوەیی. ئەم لەدیدی شۆڕشو یاخیبوونەکانی جیهانی سێهەمەوەو لە ئایندەی کۆلۆنیالیزمو لە پرۆسەی سەر لەنوێ دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی جیهانو لە مەسەلەی بنیادنانی کۆمەڵگایەکی نوێ دەڕوانێت. کتێبی "ئازار چێژانی زەوی" چەند بەرگرییە لە جیهانی سێ ئەوەندەش هێرشێکی هەمەلایەنە بۆ سەر ئەوروپاو رۆژئاوا. چەند وشیاریی نەتەوەیی بەرز رادەگرێت ئەوەندەش وشیاریی کۆلۆنیالیستانە تاوانبار دەکات.

ئەم هێرشە بەوە ناوەستێت کە ئیمپریالیزمی ئەورووپی ئیدانە بکات‌و تاوانەکانی لە جیهانی سێدا نیشانبدات، بەڵکو زیادەڕۆیی دەکات‌و باس لە کۆتاییهێنانی ئەورووپاو کۆتاییهێنانی رۆژئاوا دەکات، داوای ئەوە دەکات کە جیهانی سێ بەڕێگاکانی ئەورووپادا نەڕوات چونکە ئەو ڕێگایانە پڕن لە تونددتیژیو جەنگو سڕینەوەی ماناگانی ئینسانبوون. لە هەمانکاتدا فانون ئەوە ڕەفز دەکات ئەورووپا وەك هێزی جیاوازو پرۆژەی جیاوازو خەیاڵی جیاواز ببینێت، ئەو باوەڕی بەوە نییە کە زیاد لە ئەورووپایەك بوونی هەبێت، رۆژئاوا یەکێکەو بە درێژایی خەتیش هەڵەو نا ئینسانیو دڕندەیە. فانون لەباتی لاساییکردنەوەی ئەزموونی ئەورووپی باس لەدروستکردنی پرۆژەیەکی نوێ دەکات لە دەرەوەی پرۆژەی ئەورووپاو رۆژئاوا. لەڕاستیدا فانون داوای ئەوە دەکات کە جیهانی سێ بێتە ئەڵتەرناتیڤی ئەورووپا.

ئەوەی تاکۆتایی کتێبەکە بخوێنێتەوە ئەو زمانە دژە ئەورووپاو دژە رۆژئاواییەی فانونی بۆ دەردەکەوێت کە لەژۆر ڕووەوە لە زمانی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی ئەمڕۆکە دەچێت. زمانێك لەسەر نەفیکردنێکی هەمەلایەنی ئەزموونی ئەورووپا بەندەو لەباتی شوێنپێهەڵگرتنی ئەو ئەزموونە داوای پرۆژەیەکی نوێ دەکات کە لەسەر کەلاوە گریمانکراوەکانی ئەو پرۆژەیە دابەزرێت. خوێندنەوەی کتێبی "ئازار چێژانی زەوی" لە هەلومەرجی سیاسی ئەمڕۆدا نزیکییەکی گەورە نیشان ئەدات لە نێوان بۆچوونەکانی فانونو بۆچوونی هێزە ئیسلامییە رادیکاڵەکاندا. لە هەندێك شوێندا سەرزەنشتکردنی فانون بۆ رۆژئاوا ڕێك لە سەرزەنشتەکانی ئوسامە بن لادن دەچێت. ئەم کتێبەی فانون نموونەیەکی ئاشکرای ڕەگەزە یۆتۆپییەکانی فیکری چەپی سالانی شەستە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستی منە گرنگیدانی فانونە بە وشیاریی نەتەوەیی. پرۆژەی کردنی جیهانی سێ بە ئەڵتەرناتیڤی ئەورووپا پرۆژەیەکە لای فانون وشیاریی نەتەوەیی بەبێ تێپەڕین بە وشیاریی نەتەوەییدا دروست نابێت گرنگیدانی فانون بە وشیاریی نەتەوەیی لە گرنگیدانیەوەیەتی بەرزگاربوون لە هێزی کۆلۆنیالیانەی ئەورووپاو بنیاتنانی جیهانێکی نوێ لە شوێنی ئەو جیهانە کۆلۆنیالکراوەدا. بێگومان وشیاریی نەتەوەیی لای فانون وشیاری کۆبوونەوەی گروهێك نییە لەسەر خوانی کولتوورێك، یان لەدەوری ڕەچەڵەکێکی دێرین یان لەبەردەم ئەفسانەیەکی میتۆوویی یان لەپاڵ ئایدیۆلیام هەر ڕەگێکی ئەتنی دیکەدا، بەڵکو وشیاریی ئەنجامدانی کاری پێکەوەییە بۆ نەهێشتنی بنەما مادیی‌و ڕۆحییەکانی داگیرکردن. لە هەمانکاتدا فانون وشیاریی نەتەوەیی لە مەسەلەی سەربەخۆبوونی سیاسیدا سنووردار ناکات، بەڵکو باس لە سەربەخۆبوونێکی هەمەلایەن‌و گشتی دەکات کە سەربەخۆبوونی کولتوورو ڕۆشنبیریی‌و بیرکردنەوەش بگرێتەوە.

بەڵام فانون لەگەڵ گرنگیدانیدا بە وشیاریی نەتەوەیی لە هەمانکاتدا پێ لە سەر سنوورو نوقسانییەکانی ئەم وشیاریی دادەگرێت، لەڕاستیدا فانون تا ئەو شوێنە دەڕوات کە بڵێت وشیاریی نەتەوەیی ڕێگرە لەبەردەم ئازادبوونی ڕاستەقینەدا. وشیاریی نەتەوەیی دەرگای یەکەمی ئازادی دەکاتەوە بەڵام کۆی دەرگاکانی دیکەی ئازادبوون دادەخات. وشیاریی نەتەوەیی نەتەوە وەك بوونێکی وێکچوو نەگۆڕو هاوشێوە نیشان ئەدات، نەتەوە دەکاتە گشتێکی هاوشێوە، باز بەسەر ئەو هەموو جیاوازییانەدا ئەدات کە لەهەناوی نەتەوەدا ئامادەن. جیاوازی نێوان دەوڵەمەندو هەژارو نێوان لادێو شار، چینەکانی سەردەو چینەکانی خوارەوە، نێرو مێو گەورەو بچووك، نەوە نوێکانو نەوە کۆنەکان هتد.....ئەم بازدانەشی لەسەر حیسابی داخوازیی تایبەتی ئەو هێزانەیەو وشیاریی نەتەوەیی بەناوی یەکێتیو هاودەردیو هاوچارەنووسی نەتەوەوە ئەو هێزانە بێدەنگ دەکات. بەمانایەکی دیکە وشیاریی نەتەوەیی لای فانون وشیارییەکە دوای ئەنجامدانی سەربەخۆیی نەتەوەیی دەگۆڕێت بۆ وشیاریی شاردنەوەو ڕێگرتن لە خەونو ویستو داخوازی هێزە جیاوازەکانی نێو هەناوی هەمان نەتەوە. بۆ تێپەڕاندنی ئەم کێشەیەش فانون داوای گواستنەوە دەکات لە "وشیاریی نەتەوەیی"وە بۆ "وشیاریی کۆمەڵایەتی"، لە وشیاریی لێکچوونەوە بۆ وشیاریی جیاوازیی.

بەڵام ئایا بنیادنانی وشیاریی نەتەوەیی هاوشان نییە بە بنیادنانی وشیارییەکی کۆمەڵایەتی؟ ئایا بنیادنانی نەتەوە بەبێ بنیادنانی لانیکەمی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، کە بنەمای سەرەکی وشیاری کۆمەڵایەتییە، دابیندەبێت؟

لەڕاستیدا ئەمانە پرسیار گەلێك نین فانون بیانکات، بەڵام پرسیار گەلێکن ناکرێت لە هەلومەرجی ئەمڕۆکەی کوردستاندا پشتگوێ بخرێن.

ئەمە یەکەمجار نییە من ئەو بۆچوونە دووبارە بکەمەوە کە وشیاریی سیاسی هێزە سیاسییەکانی کوردستان وشیارییەکی نەتەوەیی نییە، بەڵکو وشیاریی بەر لەدروستبوونی نەتەوەیە. وشیاریی بنیادنانی شوناسی نەتەوەیی نییە، بەڵکو وشیارییەکە حیزب لە شوێنی نەتەوە دادەنێت‌و نەتەوە بچووکەکانەوە بۆ دۆست‌و ئەندام‌و هەوادارانی حیزب.

لەوەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوەدا دەکرێت بڵێین/ نەتەوە چوارچێوەیەکی گشتییە بۆ بەخشینی شوناس بە تاکەکەس‌و گروهو هێزە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا. ئەم چوارچێوەیە ئەگەر نەیتوانی ئەوەندە کراوەبێت کە جێگای هەمووانی تێدابێتەوە، ئەگەر بەردەوام تاکەکەس‌و گروهو هێزی جیاوازی کردە دەرەوەی پێناسی نەتەوەوە، ئەگەر هەڵگری لانیکەمی دادپەروەریی نەبوو لەدابەشکردنی سامانو دەسەڵات‌و ڕێزدا بەسەر هەموواندا، ئەوکات قسەکردن لەبوونی نەتەوەو لە وشیاریی نەتەوەیی، قسەکردنێکی بێمانایە. خەڵك نابنە ئەندامی نەتەوەیەك لەبەر ئەوەی باو باپیرانیان سەر بەو نەتەوەیە بوون‌و سەرکردە سیاسییەکانیان خەباتیان بۆ ئەو نەتەوەیە کردووە، خەڵك خۆیان بە ئەندامی نەتەوەیەك دادەنێن چونکە بوونی نەتەوەیبان بوونێکی پڕ ڕێزە، وەك ئینسانێکی خاوەن مافو خاوەن بریارو خاوەن داواکاری مامەڵەیان دەکات. دەسەڵات‌و سامانو مژدەکانیش بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە نێوان هەموواندا بەش دەکات.

دوای نزیکەی نیو سەدە لە نووسینی کتێبی "ئازار چێژانی زەوی" جیهانی سێ نەك نەبۆتە هەڵگری پرۆژەی ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەورووپا، نەك بەڕێگای تایبەتی سەربەخۆیی و گەشەکردندا نەڕۆیشتووە، بەڵکو بۆتە تاریکترین شوێنی سەر ئەم ئەستێرەیە. نەك وشیاریی نەتەوەیی تێدا نییە، بەڵکو گیرۆدەی شێوازە داخراوەکانی وشیاریی بەر لە دروستبوونی نەتەوەیە، لە وشیاریی خێزان‌و خێڵ‌و تایفەو ناوچەگەرییەوە بیگرە، بۆ وشیارییەکی شۆڤێنی‌و دینی یۆتۆپی کە لەسەر زیندووڕاگرتنی مردوە پیرۆزەکانی رابردو دەژی.

ڕەگەزی هەردەسەرەکی وشیاریی نەتەوەیی ئازادییە، ئازادیی لە کۆلۆنیالیزمو داگیرکردن، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە چۆن ئەم ئازادییەی ناو وشیاریی نەتەوەیی بکەینە وشیارییەکی کۆمەڵایەتی. چۆن ئەم پرۆسەیە لە هەناوی دروستکردنی نەتەوەو دروستکردنی وشیاریی نەتەوەییدا بەرجەستەکەین.

ئەوەی کە کوردین کۆتایی شتەکان نییە. پێداگرتنمان لەسەر کوردبوون دەبێت سەرەتای کارکردنێکی بەردەوام بێت بۆ بەخشینی ناوەرۆکێکی ئازاد بەم کوردبوونە. پێداگرتنی بەردەوام لەسەر ڕەسەنایەتی، لەسەر سەرکردە، لەسەر خێزانو بنەماڵەی پیرۆز، لەسەر حیزبی سەرکردە، لەسەر کوردبوون بە تەنها، دەمانباتە دنیایەکەوە وەك ئەودنیایەی سەدام حوسەینو بنەماڵەی تکریتییەکانو حیزبی بەعس دروستیانکرد.

سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەی شەهید دەست لەکار دەکێشێتەوە

هەڵەبجەی شەهید، پ. هاوڵاتی: لە حەڤدەهەمین ساڵیادی کیمیاباران کردنی هەڵەبجەی شەهیددا، خەڵکی هەڵەبجە داوای ئاوڕلێدانەوەی زیاترو داوەریانەی دابەش کردنی ئیمتیازات دەکەن، سەرۆکی شارەوانی شارەکەش لەبەر تۆمەتبارکردنی شارەوانی بەکارە سلبیەکان دەست لەکار دەکێشێتەوە.

هاوکات لەگەڵ سازکردنی مەراسیمی حەڤدەهەمین ساڵیادی کیمیاباران کردنی هەڵەبجەی شەهیددا ژمارەیەکی زۆر لە خێزانو کەس‌و کاری قوربانییەکانی ئەم کارەساتە، لە دیمانەیەکی (**هاوڵاتی**)دا گلەیی‌و ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بە "فەرامۆش کردن‌و ئاوڕنەدانەوەی پێویست" لێیان، ڕاگەیاندو داوایان کرد ئاوڕی زیاتریان لێبدرێتەوەو خزمەتگوزاری تایبەت پێشکەشی بنەماڵەی شەهیدان بکرێت. هەر لەم ساڵیادشدا (حەسەن ڕەشید محەمەد)ی سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە، دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە پۆستەکەی ڕاگەیاندو وەزارەتی شارەوانیش ڕەزامەندی خۆی لەسەری دەربڕی.

لەڕاگەیاندنێکدا کە وابڕیارە ئەمڕۆ سەرۆکی شارەوانی ئەم شارە بڵاوی بکاتەوە کۆپییەکی دەست (**هاوڵاتی**) کەوتووە، حەسەن ڕەشید هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەکە دەگێڕێتەوە بۆ "ناڕەزایی هاوڵاتیان لەکارو پرۆژەکان لەکاتێکدا بڕیاری کەسانی تر بوون‌و لایەنە خراپەکانیان دراوتە پاڵ شارەوانی". هەروەها لەڕاگەیاندنەکەدا دەڵێت "ئەمڕۆ لە هەڵەبجەدا ناوەندی بڕیار زۆرەو تا ڕادەیەك بەرپرسیتی‌و پسپۆڕی ڕۆڵی نییەو کارەکان تێکەڵاو بوون". لەکۆتاییشدا سەرۆکی شارەوانی دەڵێت: "بەبێ دەسەڵات‌و سەربەستی بڕیارو هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان، چیتر پێمان قبوڵ ناکرێت لەو پۆستەدا بمێنینەوە".

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (**هاوڵاتی**) کەوتووە، لە کۆی ١٤٠٠ بنەماڵەی خاوەن قوربانی هەڵەبجە تا ئێستا تەنها (٢٨٦) پارچە زەوی بۆ بنەماڵەی شەهیدانی کیمیاباران تەرخان کراوە. لەمبارەیەوە مامۆستا شاهۆ نوێنەری حکومەتی هەرێم لە هەڵەبجە ڕایگەیاند "لەو هەزار خانووەی کە لە هەڵەبجە دەکرێتەوە نزیکەی نیوەیان تەرخانە بۆ بنەماڵەی شەهیدان‌و خواست‌و داواکارییەکانی تریشیان هەمووی لەبەرنامەی جێبەجێ کردندایە".

٣٢٤ حاڵەتی سووتاوی لە ٢٠٠٤دا چۆتە نەخۆشخانەی ئیمرجنسی

سلێمانی، پ. هاوڵاتی: ئەو حاڵەتی سووتاویانەی لەساڵی ٢٠٠٤دا چوونەتە نەخۆشخانەی ئیمرجنسی سلێمانی، ٣٢٤ حاڵەتە کە ٢٠٨یان ژنن‌و ١١٦یان پیاون.

سەرچاوەیەك لەنەخۆشخانەی ئیمرجنسی بە **هاوڵاتی** ڕاگەیاند کە لەو ٢٠٨ ژنە، ٨٨یان لەبەرۆژی ڕێزی سووتاویەکەیان گیانیان لەدەستداوە، کە زۆربەیان خۆیان سووتاندووە یان فشارێکی دەروونی زۆریان خراوەتە سەر تاخۆیان بسووتێنی.

لە ژمارەی ١١٦ پیاوەکەش، ١٣ یان گیانیان لەدەستداوە، کە لەنێو ئەمانیشدا حاڵەتی کارەبا گرتن‌و خۆسوتاندن بەنەوت‌و بەنزین‌و تەقینەوەی پەرەمێز هەبووە.

لەساڵی ٢٠٠٣دا، ٢٠٧ حاڵەتی خۆسوتاندن ڕوویداوە، کە ١٥٦ حاڵەتیان گیانیان لەدەستداوە.

لەشەڕی شەمێرانی‌و گوندەکانی وارماوادا ٢ کەس دەکوژرێن

شارەزوور، پ. هاوڵاتی: لەهەڵایسانەوەی کێشەی نێوان گوندەکانی سنووری وارماوا و ماڵەکانی (کانی خان)ی سەر بە عەشیرەتی شەمێرانیدا، ڕۆژی دووشەمە تەقەو پێکدادان دەستی پێکردو لە ئەنجامدا دوو کەس کوژران.

کێشەی ئەم ماڵە شەمێرانیانەو گوندەکانی وارماوای سنووری دەربەندێخان لەسەر مولکایەتی زەوی‌و لەوەڕگایە. ڕۆژی (٣/١٤) بەهۆی دەمەقاڵەی نێوان دوو شوانەوە، سەرەتا کانی خانییەکان هاوڵاتییەکی خەڵکی گوندی (عازەبان)یان بەناوی (محەمەد حاجی سالح) کوشتوە. کەس‌و کاری ئەویش لەوەڵامدا تەقەیان کردووەو هاوڵاتییەکی شەمێرانییان بەناوی (جەبار حاجیحسێن) کوشتوە. گرژی‌و ئاڵۆزی نێوان وارماوایی‌یەکان‌و شەمێرانییەکان بەدرێژایی شەوی دووشەمە بەردەوام بووە تا پۆلیس‌و ئاسایش کەوتونەتە نێوانیانەوەو ٢ هاوڵاتی خەڵکی (کانی خان)یان لەکاتی تەقەکردندا دەستگیر کردووەو سنوریان بۆ گرژی‌و پێکدادانەکان داناوە .

لەپەیوەندییەکدا، بەڕێوەبەری ئاسایشی دەربەندێخان (شوکر قەرەبلاغی) ڕایگەیاند "ئێستا بارودۆخەکە کۆنترۆڵ کراوە، هێرش بۆ سەر خانوو مەڕو مالاتی یەکتر ڕێگای لێ گیراوە، کێشەکەش دراوەتە دادگا تا لێکۆڵینەوە بکات‌و بڕیاری تێدا بدات".

پێش ٣ مانگ دانیشتوانی ١٠ گوندی سنووری وارماوا لە سەر ئەم کێشەیە یاداشتێکیان ئاڕاستەی وەزارەتی ناوخۆ کردووەو داوای چارەسەرکردنی کێشەکەو یەکلایی کردنەوەی یاساییان کردووە، بەڵام پێش دەرچوونی بڕیاری دادگا کێشەکە

بەشێکی مەکتەبی سیاسی پارتی دەچێتە سلێمانی

هەولێر، پ. هاوڵاتی: پاشئەو گۆڕانکارییانەی ناو خودی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی، سەرچاوەیەك لە حیزبی نابراوەوە بە **هاوڵاتی** ڕاگەیاند کە پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەو تێکەڵ بوونی وەزارەتەکان بەشێکی مەکتەبی سیاسی پارتی دەچێتە سلێمانی. سەرچاوەکەش ئەوەی‌ئاشکرا کرد تاکو ئێستا کەسێکی دیاری کراو دەست نیشان نەکراوە بۆ ئەم پۆستە, بەڵام دەنگۆی ئەوە هەیە کەوا جەوهەر دەڵێت کە ئەیویست ناوی خۆی ئاشکرابکات، بە (**هاوڵاتی**) ڕاگەیاند ئێمە زانیمان ئەگەر جەماوەری یانەی زاخو بێنە ناو یاریگاکەوە، ئەوا حەتمەن کێشە ڕوودەدات، چونکە ئێمە ئەزموونێکمان هەیە لە ساڵی ٢٠٠٠دا. هەروەها وتی جەماوەری یانەکە ئەم جارەش دەست درێژیان کردە سەر چەند یاریزانێکی یانەی دهۆك. لە لایەکی ترەوە لە زالگەی گشتی زاخۆش ڕێگەیان لە هاندەری یانەکە گرتبوو بچنە دهۆك، بەڵام جەماوەرەکە هەر چەند کەسەو بە شێوەیەك هاتبوون بۆدهۆك بۆ ئەوەی بێنە ناو یاریگاکەوە.

ماوەی چەند ساڵێکە کێشە وگیروگرفت لە نێوان جەماوەری هەردوو یانەکەدا دروست بووە، یەکەمین جار لە مانگی (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٠دا بوو کە لە ئەنجامدا سەدان کەس لە جەماوەری یانەی زاخۆودهۆك دەستگیرکران. ئەم جارەش وەك جارانی پێشوەو بە هوی کێشەوە نەتوانرا شەوتی دووەمی یارییەکە تەواو بکرێت.

ژمارەیەك هاندەر بڕیندارەبن و دەیانی تر دەستگیردەکرێن

دهۆك، پ. هاوڵاتی: سەر لە ئێوارەی ڕۆژی هەینی٣/١١، لە یاریگای دهۆك لە یارییەکی توپی پێی نێوان هەردوو یانەکەی دهۆك‌و زاخۆدا، لە دەروبەری یاریگاکە کێشەو پێکدادان لە نێوان جەماوەری یانەی زاخۆو پۆلیسی دهۆکدا ڕوویدا.

بەپێی بڕیاری یەکێتی توپی پێ، بڕیاربوو هەردوو یانەکە بەبێ ئامادەبوونی تەماشاچی یاری بکەن، چونکە پێشتر جەماوەری هەردوولا لەکاتی یاریکردنی دوو یانەکەدا، شەڕو کێشەیان ناوەتەوە. پۆلیس ڕێگانادات بەخەڵکەکە بچێتە نێو یاریگەکەوەو لە ئەنجامدا دەیان کەس لە جەماوەری یانەی زاخو وچەند پۆلیسێك بە سەختی بریندارببوون ونزیکەی (٧٠)کەسی تریش لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران.

سەرچاوەیەك لە پۆلیسی دهۆك بە (**هاوڵاتی**) ڕاگەیاند کە سەر لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ هەموو دەستگیرکراوەکان ئازادکراون . یەك لە یاریزانەکانی یانەی دهۆك کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرابکات، بە (**هاوڵاتی**) ڕاگەیاند ئێمە زانیمان ئەگەر جەماوەری یانەی زاخو بێنە ناو یاریگاکەوە، ئەوا حەتمەن کێشە ڕوودەدات، چونکە ئێمە ئەزموونێکمان هەیە لە ساڵی ٢٠٠٠دا. هەروەها وتی جەماوەری یانەکە ئەم جارەش دەست درێژیان کردە سەر چەند یاریزانێکی یانەی دهۆك. لە لایەکی ترەوە لە زالگەی گشتی زاخۆش ڕێگەیان لە هاندەری یانەکە گرتبوو بچنە دهۆك، بەڵام جەماوەرەکە هەر چەند کەسەو بە شێوەیەك هاتبوون بۆدهۆك بۆ ئەوەی بێنە ناو یاریگاکەوە.

ماوەی چەند ساڵێکە کێشە وگیروگرفت لە نێوان جەماوەری هەردوو یانەکەدا دروست بووە، یەکەمین جار لە مانگی (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٠دا بوو کە لە ئەنجامدا سەدان کەس لە جەماوەری یانەی زاخۆودهۆك دەستگیرکران. ئەم جارەش وەك جارانی پێشوەو بە هوی کێشەوە نەتوانرا شەوتی دووەمی یارییەکە تەواو بکرێت.

دەست لەکار کێشانەوە

من چیتر ناتوانم وەکو ڕۆژنامەنوسێك لەڕۆژنامەکەتان کار بکەم، هیوادارم دەست لەکارکێشانەوەم قبوڵ بکەن.

ئیتر خۆشیتان

زیرەك عەبدوڵڵا
٢٠٠٥/٣/١٠